www.kurdistannet.org



# (قـــەڵەم خێڵەکان)

کەمال جەمال موختار

جارێک برادەرێکم وتی: کابرایەک هەموو ڕۆژێ نیوەڕوان لە بازاڕ شتی دەکڕی و بۆ ماڵەوەی دەهێنایەوە، زۆر جار،بەتایبەتی کە پەلەی بوو، لێی تێک دەچوو، شتەکانی لە بەر دەرگای ماڵە دراوسێکەیاندا دادەنا و تێی دەتەقاند و دەگەڕایەوە بۆ سەر کارەکەی ! دەزانی بۆچی؟
وتم: نەخێر من لە هەڵهێنانی ئەو مەتەڵانەدا کۆڵەوارم:
بە پێکەنینەوە وتی: لەبەر ئەوەی کابرا خێڵ بوو.

*****************

نووسەرمان هەن بەناو بێلایەنن، هەندێکیان بە ناهۆشیارییەوە خزمەت بە بەرەیەکی ناحەز و دوژمن بە گەلەکەیان دەکەن. گرنگ بەلای ئەوانەوە ئەوەیە رک و کەفوکولێی ناخیان هەڵیڕێژن و هەفتەی بە لایەنی کەمەوە دووسێ جار بە نووسینێکی کۆنیش بێ ناوی خۆیان بخەنەوە یاد خوێنەران، یان بێدەربەستانە بابەتێک تەنیا بۆ زڕاندنی ناوی کەسانی تر بنووسن.

کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفاڵ، ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان، وێرانکاری، بەندکردن، ئازاردان و شەهیدبوونی هەزاران کوردی ئەم 40ـ50 ساڵانەی پێشوو، گومان لەوەدا ناهێڵن کە سیاسەتی چەوتی حیزب، سەرکردە، سیاسەتمەدار و تەنانەت ڕۆشنبیرانی کوردستانیش بێ گوناه دەربەچوون. ئەمە ڕاستییەکە لە گومان بەدەر. ئێمە چونکە خۆمان هۆشیار نین، کەسانی دیکە هەنگاومان بۆ دەنێن و بیرکردنەوەشمان لە هەنگاوە بۆنراوەکانی ئەمڕۆماندا دەبینین. ئەوانەی گوێزانەوەی هەنگاوەکانمان ئاراستەدەکەن ئەوپەڕی متمانە و خۆشەویستی خۆمانیان دەدەینێ، بۆیە سەرنەکەوتن لە دوای سەرنەکەوتن، نسکۆ و ئاشبەتاڵ لە دوای یەکتر بەدواماندا دێن. درۆیە ئەگەر دەستی تاوان و کەموکوڕی، هەتا خیانەتیش تەنیا بۆ گروپێکی ناو کۆمەڵ درێژ بکەین و بەمە خۆمان بکەینە نوێنەر و دەمڕاستی میللەت. لە هەموو ئەو کارە ناسەرکەوتووانەدا هەموو هاوبەشین و دەبێ بە هەر جۆرێک بێ باجی چەپڵە و ئافەرین و دەستخۆشیلێکردنەکانی ڕابردوومان بدەین.

من لە دوای کەسانی سیاسەتچی، نووسەر و بەناو ڕۆشنبیر بە دووەم گروپ دادەنێم، کە لەم 40ـ 50 ساڵەی شۆڕشی کورددا دەورێکی بێهەڵوێست و دوور لە خواستی میللەتیان بینییەوە. ئەمڕۆشی با لە سەر بێت زۆربەی ڕۆشنبیر و ئەدیب و نووسەری کورد هەلپەرستترین گروپی ناو کۆمەڵ بوون. ساویلکەن، ئەوانەی کەوا دەزانن دەوری ئەدیب و شاعیر و نووسەرێک تەنها بە نووسین و هۆنینەوەی هۆنراوەیەک دەبێت. ئەگەر ئێمە نووسینەکان لە سەردەمی نووسین و مەبەستی کاتی نووسینەکەی دووربخەینەوە و تەنها سەودا و مامەلە لەگەڵ وشەکاندا بکەین، هەڵوێستی نووسەرەکەش لە دوێنێ و ئەمڕۆدا فەرامۆش بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین: هەموو نووسین و هۆنراوەکان هاندان بوون بۆ ئەوەی ژمارەی قوربانییەکان زیاتر بکرێن و خەڵکی چەواشە بکات تا متمانەی تەواوەتی بە سەرکردە و پارتی و ڕێکخراوەکان بدات. زۆربەی نووسەر لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردەوە نزیک بوون و دووربوون لە میللەت. نزیکی لە حیزب و دەسەڵاتەوە، دوورییە لە میللەت و خواستەکانی. نووسەرێک ناتوانێ بڵێ بۆ میللەتەکەم دەنووسم لە کاتێکدا کۆنتراکتی لەگەڵ دەسەڵاتێکی سیاسیدا مۆرکردبێ.

نووسەر.. نووسین، دوو وشەی جوانن، لە لامان جوانتر دەبن ئەگەر لە خۆمان بپرسین: ئەوانە کێن و چین؟ یان بۆ من پێویستم بە خوێندنەوەی نووسینێکە؟ بۆ ڕێزی نووسەرێکم لە لا دەبێ و بەرز ڕایدەگرم؟
وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، بۆ دەستنیشانکردنی دەوری نووسەر و جۆری نووسینیش، لە لای خۆمانەوە

www.kurdistannet.org

داواكارييەک دروستدەكەن!

ئەمانە كۆمەڵێ پرسيارن و لەگەڵ وەڵامدانەوەياندا مەرج بۆ نووسين و نووسەر دادەنێن. نووسەرانێكی لێهاتوو، بەتوانا دەهێننە پێشێ و خواستەكانمان بەجێ دەهێنن. ئەگەر مەرجێكمان لە سەر نووسەر و نووسين نەبوو، ئەوە ئەو كاتە نووسەر مەرجمان لە سەر دادەنێ و بەو هەموو بێ زەوقی و دەروونەخۆشييەی خۆيەوە نووسينەكانی خۆيمان بە سەردا دەسەپێنێ و دەبێت ئێمەش وەری بگرين. رەواجی ئەو نووسينانە و بێمەرجيی ئێمە نووسەر دەگەێنێتە پلەی لوتبەرزی و خۆبەزانازان و خۆگيڤكردنەوە. ئەوانە بۆ ناوێكی شياودەگەڕێن تا خۆيان لەخەڵكەكە دووربخەنەوە، بۆ ترۆپكێكی بەرز دەگەڕێن تا خەڵكی ديكە لەخوار خۆيانەوە ببينن. لە ناو كۆمەڵێكی دواكەوتوو و ناهۆشياردا، ئەو جۆرەكەسانە رەواجيان دەبێ و نموونەيان پەرەدەسێنن. كاتێكيش ئێمە باس لە نموونەی ئەو كەسانە و جۆری نووسينەكانيشيان دەكەين، ئەبێت ئەوە لە ياد نەكەين، كە خوێنەواری ئەو جۆرە بابەتانە و دەروێشی ئەو (ئەديب و نووسەرانەش) زۆر دەبن و ئيتر كتێبخانەيەكی پڕ لەو نووسينانە و چاپخانەيەكی پڕ لەو نووسەرانە دروست دەبن و جەماوەر و گەلەوەرێكی پڕ لە دەروێش و ئافەرينكەر دوايان دەكەون.

من ئەمڕۆ هيچ نووسەر و شاعير و ئەديبێكی كورد بە گەورە و لێهاتوو نازانم... بەڵام چونكە خۆمان لەبەر دەم كارەسات و نەهامەتی و سياسەت و حيزبەكاندا بچوكبووينەتەوە، هێندەی دەرزييەكمان لێهاتووە، بۆيە ئەو كەسانەمان لێبوونەتە گەورە و نووسەری گەل و خەمخۆری ميللەت و قەڵەمبوێر و دەمڕاستی خۆمان. ئەوانەی كەمێك وشيار بن و لە دەرەوەی (نووسينێک... شيعرێک... بەرهەمێكی ئەدەبی و كلتوری) كوردييەوە، لە نووسين و بەرهەمی ئەدەبی و فەلسەفييەكانی ميللەتانی تر ورد بنەوە و ئاشنايی لەگەڵياندا پەيدا بكەن، ئەوسا نابووتی زۆربەی نووسەر و شاعيری كوردی بۆ دەردەكەوێ، ئيتر هەرگيز بەو دياردەيە رازی نابن و رەفزی دەكەن.

نووسەر لەم كاتانەدا يان ئەوەتا بە مەرجەكان رازی بێت، يان لە بەرەی ميللەت خۆی بدزێتەوە، ئەگەر خۆی دوورخستەوە، ئەو كاتە مەرجەكانی نووسەری لێدەسێنرێتەوە. بۆيە هەندێ لەمديوەوە كەنار دەگرن و چاوەڕێی رووداو و گۆڕانكاريی دەبن تا (زەرەری بۆ پەزەكان نامێنێ) ئەنجا خۆيان دەكوتنە ريزی بەرە براوەكەوە. ئەوانە قەڵەمەكانيان هەميشە خێلە و بەلای دەسەتێكی سياسيدا وەردەچەرخێ خاوەنەكەشی ملهوڕە بۆ دەرفەتێک دەگەڕێ كە روو لە بەرە دەسەڵاتدارەكە بكات و مەرجەكانی بەجێبهێنێ و خۆشی مەرجەكانی خۆی بە سەر خەڵكدا بسەپێنێ.